## پلاندانانی خێزان لە NSW و تەندروستی ژنان لەکاتی کار

پلاندانانی خێزان لە NSW (Family Planning NSW) خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندارا بە پرسەکانی زاوزێو تەندرستی سێکسی پێشکەش بە ژنان دەکات. ئەوان پسپۆریان هەیە لە بوارەکانی: منداڵنەبوون، ئیختیاراتەکانی زگپڕیی، نەخۆشییە گواستراوەکان لە ڕێگەی سێکسەوە STI، چۆنییەتیو وەزیفەکانی سێکسیو ژیانی سێکسیی، بێنوێژی (menstruation)، لە هێلکەچوونی ژنان (menopause)، کێشە گشتییەکانی منداڵدانو ڕەحم، ئازمایشەکانی مەمکو زانیارییە پەیوەندارەکان. هەموو ڕۆژێک فەرمانبەرەکانی کلینیکەکان گوێ لە خەڵکی سەر بە کلتورە جیاجیاکان دەگرنو چاودێریاندەکەنو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، خەڵکانێک کە دووچاری کێشەو گرفتی ئاڵۆز بوون، کێشەگەلێک کە پەیوەندیان بە زاوزێو تەندروستی سێکسییەوە هەیە.

کاتێک کە کەسێک سەردانی کلینیکێکی پلاندانانی خێزان (family planning clinic) دەکەن، ئەوان باس لەو کێشانە دەکەن کە بەگشتی کەسیین/شەخسین. فەرمانبەرەکان بەبێ ئەوەی کە بڕیارو حوکم لەسەر چیرۆکو بەسەرهاتەکانی کەسەکان بدەن گوێ لە کەسەکە دەگرنو یارمەتیدەدەن لە دۆزینەوەی چارەسەرە ڕاستو دروستەکان بۆ کەسەکە کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخەکەی.

خزمەتگوزاری موتەرجیم بە خۆڕایی لە کلینیکە ڕاوێژکارییەکان دەستدەکەوێت لەگەڵ ژمارەیەک نامیلکە کە تەرجومەی زمانەکانی دیکە، بەغەیرەز ئینگلیزی، کراون.

پێنج کلینیکی خێزان هەنو کەوتونەتە ئەم گەڕەکو شارانە: فەیەفیڵد (Fairfield)، ئەشفیڵد (Ashfield)، پێنریس (Penrith)، نیوکاسل (Newcastle) و دابۆ (Dubbo)، لە کلینیکەکانی فەیەفیڵد (Fairfield) و ئەشفیڵد (Ashfield) ئەو ژنانەی کە ڕۆژانی هەفتە ئیشدەکەنو سەرقاڵن دەتوانن دوای ئیش یان بەیانیانی ڕۆژانی شەممە کات وەربگرن بۆ چوون بۆ ئەم دوو کلینیکە.

***ئەم پەیامە بە هاوکاری ئەم لایەنەی خوارەوە ئامادەکراوە:***

هێڵی قسەکردنی NSW (NSW Talkline) لە سەعاتی ٨.٣٠ بەیانی تا ٥.٠٠ ئێوارە لە ڕۆژانی کاری هەفتەدا کراوەتەوە بۆ زانیاریو ڕاوێژو ڕەوانەکردن بۆ لایەنی دیکە.
1300 658 886
TTY (بۆ کەڕ) 8752 4360
ماڵپەڕ: www.fpnsw.org.au بۆ وەرگرتنی مەوعید لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.